www.kurdistannet.org
15-8-2007 15:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## گەردوونێکی تار ... گەشاوە جاف



فەلەك زاڵمە دەرهەق بە تاكی ئەم گەردوونە....
شەوەزەنگە لە پەنجەرەی ژوورەكەم ئەڕوانمە گەردوون
گەردونێكە مات شێواو لە من شێواوتر......
كە ناتوانم بزانم ماتی و شێواوی گەردوون چی یە؟؟؟؟؟
منێك زۆر ماتەم تر لە دەنگی گشت
سەمفۆنیایەكی مۆسیقا كە تامەزرۆت ئەكات
چەندە بە سامە ئەم ساتە تاریك و شەوەزەنگە
كە تەنها گەلای دارەكان وهەوای شەو هاورێی رێگەمن
زۆر هەنگا وم نا زۆر شكام لەم گەردوونە!!!!!!!!!!
هەرچەندە چاورێی دەروازەیەكم كە والا بێت لەم شەوەزەنگە
ببەخش رۆشنایی بە هەموو گەردوونی بێ ئاگا لە ژیان
ئەی هاواری بێ سەدای من كەی دێیتە جواب؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟
كەی خۆشی ئەبەخشیت بە دڵەی ناشاد
ناشاد تر لە هەموو گردوونی حازر
ئەی فەلەك بگەرێ بۆ تەنها ساتێ لە بەختی بێ ئارامی من
تاكەیی چاو لەرێیم... تاكەی؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟تاكەی؟؟؟؟؟؟؟؟
تەما سەبر لەم رێگەیە بۆچی وابم؟
شەوگارە تار و بێ دەنگ وسادە
زۆر سادەتر لە ژینی من لەم دنیای سەرابە
رۆحم ئەكوژێت بەبێ هیچ هۆیەك
بیمارم ناكات تاكەی بگە فریاد هاوار
ئەی شەوەزەنگ تاكەی چاوەرێی لوتفی تۆبم لە دنیا
یان هەر نیە دنیای سەرابە لە گشت جێگا
دروست نابی گەردوونێك خۆشەویستی تیا سەروەربێت
تەنهایی برەوێتەوەو نەمێنێ ماتەم بۆ هەردەم

لەندەن / ٢٠٠٧

gashawa@chra. tv

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.